راگەیاندنی ژمارە ٣ی سکرتاریەتی کۆمەڵە:

# حکوومەتی نیزامی لە شاری مەهاباد،
# رق و تووڕەیی گشتی خەڵکی کوردستان بە دواوەیە

رژیم لە تەواوی شار و گەڕەك و شەقامەکان و دەور و بەری شاری مەهاباد، هێزی نیزامی جێگیر کردووە و دەستیان کردووە بە پشکنینی مالآن و ئەزیەت و ئازاردانی خەڵك لە گەڕەکەکان. خەڵکی پیرانشار شەوی دووشەممە و سێشەممە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد و خواستی هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی نیزامی لە مەهاباد و ئازادیی دەست بە سەر کراوەکان، خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان وەڕێ خست. خەڵکی شارەکانی تری کوردستان بە شێوەی جۆرا و جۆر ناڕەزایەتی خۆیان دەر بڕیوە و هەر ئێستا لە هەندێك لە شارەکان، خەریکی خۆئامادە کردنی مانگرتن و ناڕەزایەتی گشتین بۆ پشتیوانی لە خواستەکانی خەڵکی مەهاباد.

کاربەدەستانی هێزی نیزامی وەکوو هەمیشە دەستیان کردووە بە چەواشە کردنی راستییەکانی کوشتنی کەماڵ ئەسفەرام ناسراو بە شوانە و بە بێشەرمییەوە رایانگەیاندووە کە ناوبراو لە کاتی تێکهەڵچوون لەگەڵ مەئموورین دا شەهید بووە. ئێمە و خەڵکی کوردستان ئەم ئیدیعا قێزەونە رەت دەکەینەوە و دڵنیاین کە تووڕەیی و بێزاریی بەربلاوی خەڵکی بە دواوەیە.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠٠٥/٧/١٩

www.komala.org

Email: Komala١٣٤٨@hotmail.com
Tel: (٠٠٤٤٧٠٤)٣١٣٨٤٩٩
Mobile: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٤٠٥١٣٤
**Fax:** ٠٠٤٤٧٠٤٣١٤٠٤٤٩